کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-6-2007 16:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بە دادی کیرەوایە، ڕەخنەکان بە گەلایە، شێوازی ئەم ڕەخنانە، بە جنێو کەی ڕەوایە .. بۆکوێخاعەباسی پیرەمەگرونی ... لانە عەلی**

بەداخەوە فرۆشتنی ویژدان و بیرو باوەر و کەسایەتی لە کوردستاندا هیندە ئاسان بووە مرۆڤەکان کیبرکی دەکەن لەسەر ئەوەی بزانن کامیان زووتر دەتوانی زۆرترین امتیازات بەدەست بهینی. بەڵام بۆ تویژیك کە پێیان دەلێن رۆشنبیران و نوسەران بە رەفتارو هەڵسوکەت و قسە و نوسینەکانیان جاریکی تر رووی هەموو گەندەڵ و دزەکانی ئەم وڵاتەیان سپی کردەوە، ئەویش بە نۆکەری و وەکالەتی بۆ کەسانیك کە مرۆڤی شەرافەت مەند شەرم لە دۆستایەتیان دەکات.

لەم رۆژانەدا چەند ووشەیەکی کەسێك بەناوی (کوێخا عەباسی پیرەمەگرونیم) لەسەر نێتی کوردستان پۆست بینی، ئیتلر منێك کە چەند ساڵێکە دەستم داوەتە نوسین شەرم بە نوسین و بڵاوکردنەوە و تەنانەت خوێندنەوەش هات. کە چۆن کەسێك ئاوا زات دەکات بە چاویلکەیەکی لێڵەوە، بە چاوێکی داخراوەوە، بە ویژدانیکی نەخۆشەوە، بەزمانیکی شەرمهێنەرەوە، بە بیرکردنەوەیەکی ئیفلیجەوە، بە پەروەردەیەکی ناتەندورستەوە، ووشە بخاتە سەر کاغەز و بڵاوی بکاتەوە.

من دەزانم ئەو بەناو کوێخا عەباسە خۆی قوربانی دەستی سیستەم و پرۆگرامیکی تاسەر ئیسقان دواکەوتووە و لە ژیاندا تەنها ئیهانە و سوکایەتی پێکردن و جنێو و بی حورمەتی دەزانیو دەیەوێت ئیمەش بەم شیوازە پەروەردەبکات.

تەنها ئەوەندە بە کاکی کویخا و هاو پیشەکانی دەلێم کاتیك ناتوانیت لە ژیاندا داهینانەك بکەیت، کاتێك ناتوانیت رەخنەیەکی مەعقول و بنیاتنەر لە بەرامبەرەکەت بگریت، کاتیك کە توانای نوسین و شرۆڤەکردن و لیکۆلینەوەت نیە، کاتیك کە زمانی گفتوگۆ نازانن، بۆچی دونیای پاکی نوسین پیس دەکەن و نەوەکانمان فێری جنیو و درۆ و دووڕووی و شەرانگێزی دەکەن؟؟؟

کویخای بەریزو چەندانی تر پیویستیان بە پەروەردەیەکی تر هەیە، تاوەکو خەڵك گوێیان لی بگریت چونکە ئاوا نەکەس بروایان پی دەکات نە دەتوانن کەس ئاراستە بکەن، لەبەر ئەوەی هۆشیاری و چاو کراوەی خەڵك ئیستا زۆر لەوە زیاترە کە بەم قسانە بروا بکات. پیویستە ئەو زاتە بەریزە بە خۆیدا بچیتەوە سەرکردەوە و کەسانیك کە زیاترلە نیو سەدەیە شەوو رۆژیان خستۆتە سەر یەك بە جنیوی ئەمانە لەکەدار نابن.

منیش لەلای خۆمەوە بە هەموو شیوەیەك لەگەل رەخنەدام لە هەمووشتە پیرۆز و موقەدەسەکانی ئەم کۆمەڵگایە، بەلام رەخنەیەك بەزمانی مرۆڤی سەردەم!نەوەك بەو شیوازەی کە کویخا و هاورەگەزەکانی دەستیان بۆ بردووە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.